www.kurdistannet.org
6-9-2007 21:58بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**ساتیک بە خۆشەویستی بژی تانەبوە بەتاوان ... عوسمان قادر**

ڕانیە

ئەوەی من دەمەوێت لەم نوسینەدا تیشکی بخەمە سەرو باسی لیوەبکەم. ئەوا خۆشەویستی یە بە تیکرای بابەتە جیاوازەکانیەوە کە زۆر لەوە گەورەترە بتوانم لە چەند دێرێك دا تەواو پەی بەڕازەکانی بەرم، تەنها وەکو دەسپێك لە نزیك بوونەوە لە بەهای خۆشەویستی بخەمەروو، چونکە خۆشەویستی لای من گەورەترین و پیرۆزترین چەمکەکە والەژیان دەکات بڕوات بەڕێوە، بەڵام کام خۆشەویستیە خۆشەویستی بەماناو پاك و جوانیەکەی خۆی نەك خۆشەوستی ئەم ڕۆژگارەی ئەمرۆ کە لە ژێرپەردەی خۆشەویستیەوە هەزاران کاری نا ئینسانیەت و نا شیاو دەکرێت بە ناوی خۆشەویستیەوە، بەداخەوە لەم ڕۆژگارەدایان باشتر وایە بڵیم لەم وڵاتەدا خۆشەویستی وەکو خۆی پیادەناکرێت وە ئەوکەسانەی خۆشەویستیش دەکەن لەماناویاساکانی نازانن بۆیەواباشە خۆشەویستی بەجوانی و جوانیەکانیش بە خۆشەویستیەوە ببینین، چونکە خۆشەویستی بەردوام لە مەملەکەتی ئیمەدامەحکوم کراوە هە موو جوانیەکانیشی لێ شێویندراوە لەڕاستی دا وەکو پیویست قودسیەتی نەدراوەتی. کە هەموو شتێك بە خۆشەویستیەوە جوانە.

ئەگەر سەرەنجی ژیانی دەوروبەری خۆمان و کۆمەڵگای بەشەری بدەین دەبینین بونی خۆشەویستی بنەماکانی ژیان فراوان و ئاسودەوکامرانتردەکات، نە بونیشی بەروو هەڵدێرو وێران بوون دەبات. لیرەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە خۆشەویستی فاکتەرێکە بۆدرێژەدان بە ژیان و پیکەوە ژیان، چونکە خۆشەویستی ئەودنیا پر لە ئەندیشەو جوانیەیە کە هەر کاتێك ڕوو لە هەر دڵێك بکات ئەگەر ئەو دڵە لە بەهاوبەرزی ئەو هەستە بگات، ئەوا بیگومان دە بێتە خاوەن گەورەترین و پیرۆزترین سەرمایەی ژیان. کە ئەویش بەختەوەریە لە گەڵ ئەوەدا خۆشەویستی بە تێکرای بابەتە جیاوازیەکانیەوە سیبەری چەندپەیوەندیەکی ڕَوحین. کە خاوەن چەندین بنەماوپالنەرە بۆلیك نزیك بونەوە. ، چونکە بە هۆی یەکتریەوە دەتوانین زۆربەی هەرە زۆری کۆسپەکان لابربدرین و وەفاداری بمێنەوە، تەنانەت لە دژوارترین کاتیش دا. لە گەڵ ئەوەشدا کە باسی خۆشەویستی دەکرێت هەمیشە ئەوەمان بیستوە خۆشەویستی بێ سنورە و هیچ سنوریکی بۆ نیە، بیگومان گەلی کوردیش بەدەر نیە لەم باسەدا. وە خاوەن میژوویکی دێرینی خۆشەویستیە کە چەندین داستانی گەورەمان هەیە لەسەر خۆشەویستی وەکو (شیخی سەنحان، شیرین و فەرهاد، مەم وزین.. ) . هیتر چەندین نمونەی تریش کە جیگای باسە لەناومیلەتانی تری دونیادا، بەڵام بەداخەوە ئەقلیەتی باوك سالاری و کۆنەپەرستی تا ڕادیەکی زۆر گیشەوگرفتی لەسەر ئەم باسە هێناوەنتە ئاراوەکەکارەساتی دڵ تەزین و چیرۆکی جەرگ بڕانەی لی کەوتۆتەوە یاخۆد تووشی حاڵەتیکی دەروونی بونە. ئەمانەش هەمووی لە ئەنجامی ئەقڵیەتی خیلەکی یوباوکسالاری دێتەئاراوە بەرامبەر بەوهەستەجوانەی ژیان لە ئەنجامی تێ نەگەیشتن لە خۆشەویسیە، چونکە خۆشەویستی ڕاستەقینە دەروازەیەکە بۆ چونە ناو دنیایەکی پرجوانی و لیوان لیولەوەفاولە لیبوردەیی یان چون بۆناو باخچە پرڕازاوەکانی ژیان. کەوا خۆشەویستی هاوتەمەنی ڕوحە ئاشنابوونە بەژیان. کە ژیانیش بێ خۆشەویستی هیچ واتایەکی نیە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم هەستە جوانە نەك هەر لە نیوان مرۆڤ بەدی دەکرێت بەڵکو لەنیوان گیاندارانیش بەدی دەکرێت، جا بۆگەڕانەوەی هەمووئەو هەستەجوانانەی کە لەدڵەوەسەرچاوەدەگرن وە هیواو ئومێدیکیشن لە ژیاندا با ئیمەش لە پەیمانەکانی عشق بوونمان بەوەفا بین پەیمانیکی ڕاستەقینە لە نیوانمان هەبێت کەوا هەمووبەها جوانەکانی ژیان لە خۆشەویستی یەوە لەدایك دەبن وە ژیانیش بەبی بوونی خۆشەویستی هیچ مانایەکی پەیکەوە ژیانی تێدانیەونابی وە خیانەت کردنیش تیدا تاوانیکی گەورەو نا ئینسانیە.

Osman. qadr@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.